

نهێنی ... هۆنراوەی شالاو

ئەی پەپوولە سەر باڵ شین‌و نەخشینەکان
بۆ هەر کوێیەك هەڵدەفڕن
ناوی ئێمە نەدرکێنن
چوکە ناومان لەسەر باڵی
هەمووتاندا ڕەنگ کراوە ...
ئەی گەڵایە هەڵوەری‌و ڕەنگ زەردەکان
ئەگەر پایز باڵی گرتن
ئێوەی فڕاند
بۆ هەر کوێیەك بارگەو هەڵدا
ناوی ئێمە نەدرکێنن
چونکە ناومان لەسەر بەرگی بەهارانی
هەمووتاندا هەڵکەندراوە
ئەی ئەستێرە ڕووگەشەکان
ئێوە ماون پێتان بڵێم
نهێنیەکان مەدرکێنن
جونکە ئێوە هەموو شەوێ
دەتانزانی

لەباوەشی یەکتر نەبێ
ئێمە نانووین
لە ناو دەمی یەکتر نە بێ
ماچی هەنگوین دروست ناکەین
دەتانزانی
عەشقی ئێمە بێ سەرەتاو کۆتاییە
بۆیە ئێمەش تکا دەکەین
گەر دەتوانن دڵی پاکی خۆشەویستی
مەسوتێنن ...
چی نهێنی ئێمە هەیە لەلای ئێوە
مەیدرکێنن ...
ـــ ـــ ـــ
www.shallaw.info.se